# کۆنفۆشیۆس (٥٥١ پ.ز. ٤٧٩ پ.ز)

ئا/ عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان زەنگنە



## کۆنفۆشیۆس (٥٥١ پ.ز ـ ٤٧٩ پ.ز)

**فەیلەسووفی** مەزنی چینی کۆنفۆشیۆس.. ناسراوە بە زانانیی پەروەردەو رامیاری مەزنی گەورە.. هەر لە کۆندا ناوبانگی لە جیهاندا بلاّبۆتەوە.

بەدامەزرێنەری ئەو (رژێمە هۆزاکیانە) دادەنرێت کە بیرکردنەوەی سەرانسەری گەلانی چینی هاژاندبوو، فەلسەفەکەی دامەزراوە لەسەر خۆرەوشتی مەردایەتی و لەسەر ئەو چەمکەی کە دەبێت میری بەو پەڕی رێکوپێکییەوە لە خزمەتگوزاری گەلدا بێت.

ئەو سەردەمەی (کۆنفۆشیۆس)ی تێدا ژیا چین دابەشکرا بووە سەر چەند میرنشینێکەوە.. (کۆنفۆشیۆس) لەدایک بووی خەڵکی "تشۆ"یە لە دەوڵەتۆکی "لۆ" (تشیوینو لە هەرێمی شاندۆغی ئێستا) باپیرانی ئۆرستکراتی بوون لە دەوڵەتۆکی "سونغ" ئەم خێزانە لە ناکاودا هەرەسی هێنا، لە تەمەنی سێ ساڵیدا باوکی مرد، لەبەر ئەوە خێزانەکە زۆر هەژار بوون.

(کۆنفۆشیۆس) هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی خوێندن و خوێندنەوەی هەبوو..
هێشتا لاو بوو بووە فەرمانبەرێکی بچووک سەرپەرشتی پەچای مانگاو مەڕو زیندەوەرەکانی دەکرد، کارێکی تایبەتیشی دەکرد ئەویش سەرپەرشتی کاروباری شایی و ماتەمینی دەوڵەمەندەکانی دەکرد. شارەزاییەکی باشی پەیداکرد لە ئازارو چەرمەسەری هەژاران، هەروەها شارەزایشی پەیداکرد لە رۆشنبیریی کۆنی چین، بووە زانایەکی دەگمەنی ئەو سەردەمە، بووە فەرمانبەرێکی گەورە سەرپەرشتی کاروباری یاسایی دەوڵەتۆکی (لۆ)ی دەکرد، زۆر دەسکەوتی باشی بەجێهێنای "کۆنفۆشیۆس" زۆر رێزی "تشۆقوانغ"ی. رامیاری گەورە لە وڵاتی "تشۆی رۆژئاوای دەگرت لە سەدەی ١١ پ.ز ـ ساڵی ٧٧١ پ.ز) ئاواتی ئەوەبوو وڵاتی "لۆ" پەرەبسێنێ و پێشکەوێ لە رێگای چەسپاندنی رژێمی رامیاریدا کە پێشەوا "تشۆ قوانغ" دایناوو، ئەم ئاواتە نەهاتە دی و بەو سەردەمە مێژووییەدا سەری نەگرت.
ئا بەم شێوە رێبازە دەسەڵاتی کێشابووە سەر ناخی ژیان و رۆشنبیرانی چینەوە بە درێژایی دوو هەزار ساڵێک، تەنانەت ئەو ماوەیە کارێکی گەورەیشی کردبووە سەر بەشێکی فراوان لە دانیشتووانی جیهان.
پاش ئەوەی لە فەرمانبەرێتی وازی هێنا کەوتە بڵاوکردنەوەی ئامۆژگارییەکانی بۆ ماوەی (١٦) شانزە ساڵ، لەو ماوەیەدا زۆر لە شاگردان و یارانی لێکۆبووەوە، لە تەمەنی (٥٠) ساڵیدا دەوڵەت زۆر ریزی لێگرت، لە پاداشتی ئەو خزمەتەیدا خرایە پلەو ئاستێکی بەرز لە لایەن دەوڵەتی (لۆ)وە بەڵام چوار ساڵ زیاتری نەخایاند کە ناحەزانی کۆشک کەوتنە گزیری و پیلانگێران لێی تا بوونە هۆی دەرکردنی و دوورخستنەوەی لە دەوڵەت. لە نزیکەی (١٣) ساڵی دواییدا وەک مامۆستایەک گەڕوکانە دەیبردە سەر. بەڵام لە (٥) پێنج ساڵی دوا ژیانیدا گەڕایەوە وڵاتەکەی و لە ساڵی "٤٧٩ پ.ز" مرد.
(کۆنفۆشیۆس) لە رووالەتدا بە دانەرێکی ئایینی دادەنرێت، بەڵام بەم پەسن و لێووردبوونەوەیە لەوە دەکات کە دووربێت لەوەی کە رێبازگەیەکی ئایینی دابنرێت، چونکە نە بەکەم وە نە بەزۆر ئەوەندە ناوی خواوەند نابات نەیشی ویستووە لە ژیانی دوا مەرگیدا "دوا جیهانی" بدوێت و تەنانەت دووریش بووە لە هەموو تێڕامانێکی میتافیزیکەوە، لەبەر ئەوە زیاتر وەک فەیلەسووفێکی جیهانی دەناسرێت کە بایەخی دابێت بە خووڕەوشتی مەردوم و سیاسەت و خۆش رەفتاری.
دوو زانست نەرێت و گرنگن لای "کۆنفۆشیۆس" ئەویش (جن) و (لی)یە. جا ژیانی مەردومی نموونەیی پەیوەست و سەروومری ئەم دوانەیە. (جن) ناسراوە بە میهرەبان و خۆشەویستیی واتە خەمخۆری میهرەبانی لەنێو برایانی مەردومدا، بەڵام "لی" ناسراوە بە نەرێت و رەوشت و ئەتەکییەت و شۆخ و شەنگی و ناوبانگی.
لە ئامۆژگارییەکانیدا زۆر بایەخی داوە بە ژیانی خێزانداری و رێزگرتنی دایک و باوک هەروەها پەیڕەوی و سەر نەوایی ژن بۆ مێردەکەی، گەل بۆ فەرمانڕەوایانی. لەگەڵ ئەمانەیشدا زۆر سەرنج پەرێزیش بووە. لەو بڕوایەدا بوو کە چەرخی زێڕین زۆر دەمێکە رابووردووە. هانی دەسەڵاتداران و گەلی دەدا کە بگەڕێنەوە سەر هەڵسەنگاندنە دێرینەکان دەربارەی خوڕەوشت، کاتی خۆی لە سەردەمی پاشایەتی بنەماڵەی "هان"دا فەرمانبەرانی دەوڵەت هەڵدەبژێران بە تاقیکردنەوە، جا بەشێکی زۆر لەو پرسیارانەی کە لەو کەسانە دەکران بریتی بوون لە ئامۆژگارییەکانی (کۆنفۆشیۆس)، بەڵام لەم دواییەدا پلەو ناوازی هاتە

خوارەوە، چونکە چینی کۆمۆنیست شالاوێکی توندی کردە سەر (کۆنفۆشیۆس)و پەیڕەوانی، لەوانەیشە هەر ستارەی گەشی زیاتر بەرەو کزی بڕوات کە لە دەمێکیشدا بوو تەواو رەگی خۆی داکوتا بوو. زۆر سەیریش نییە چاوەڕوان بکرێت پاش (٥٠) پەنجا ساڵ یان (١٠٠) ساڵی تر فەیلەسووفێکی وەها هەڵبکەوێت و یەکانگیرییەک بسازێنێت لەنێوان ئامۆژگارییەکانی (کۆنفۆشیۆس) و (ماوتسی تۆنگ)دا

ئەمانەش هەندێ لە وتە بە نرخەکانێتی:

١- ئەگەر نەزان هۆی نەزانینی خۆی بزانیایە دەبوو بە زانا..

٢- هەر کەس راستی ببینێ لایەنگیری نەکا ترسنۆکە.

٣- زۆر کەم تووشی هەڵە دەبی ئەگەر وریا بی.

٤- پیاوی سەرکەوتوو، حەز دەکا لە قەسەکردنا لەسەر خۆ بێت و لە هەڵسووکەوتیا زۆر "جیدی" بێت.

٥- پیاوی سەرکەوتوو بەهێزە، بەڵام شەڕکەر نییە، بە زۆریش تێکەڵاوی خەڵکی دەبێ، بەڵام کۆمەڵێ پێکەوە نانێ.

٦- چۆلەکە کە مردنی نزیک دەبێتەوە، جیکە جیکەی خەماوییە، مرۆڤ کە نزیک مردن دەبێتەوە، وشەکانی خۆش دەبێ.

٧- دڵی ژیر وەکو ئاوێنە وایە، دەبێ هەموو شتێک عەکس کاتەوە، بەبێ ئەوەی تێکی دا.

٨- مامۆستا "یۆ" وتی : "دەتەوێ فێرت کەم زانست چییە؟

ئەو کاتەی شتێک دەزانی، بڵێیت دەیزانم، ئەو کاتەش کە نایزانی، بڵێیت نایزانم، ئەوە زانستییە.

٩- ئەو پیاوانە چەندە بە نرخن. کە خۆشەویستیان بۆ خوا بەقەد خۆشەویستی ئافرەت ببوایە.

١٠- پێویستە لە ڕێگەی ژیاندا لە نێوان دووانداا مامۆستایەک بدۆزمەوە.

١١- ئافرەت جوانترین شتە لە ژیاندا.

١٢- ئەگەر ویستت بۆ ساڵێک بچێنی گەنم بکە بۆ (١٠) دە ساڵ درەخت بڕوێنە بۆ (١٠٠) سەد ساڵ پیاوان فێر بکە.

١٣- لەگەڵ خۆت توندو لەگەڵ هاورازت نەرم بە.

١٤- کچ لە پێش شووکردنا ئەگری!، بەڵام کوڕ لە دوای ژن هێنان.

١٥- کە تووشی پیاوێکی ماقووڵ و خانەدان هاتیت، بیر لەوە بکەرەوە وەکو ئەوە بیت، کە تووشی پیاوێکی ناکەس بەچە هاتیت خۆت بپشکنە لەو شوورەییانەی ئەو هەیەتی.

١٦- مرۆڤی رەوشت و خووبەرز خۆی "لەژێر دەستەکانی" بە گەورەتر نازانی، وەکە "ژێر دەستیش" بوو، مامە حەمەیی لە پێی گەورەکانی ناکاو کردەوەی تایبەتی خۆی رێک دەخاو لۆمەی خەڵکیش ناکات.

١٧- دادوەری زۆردار لە پڵنگی دڕندە خراپترە.

١٨- کە ناتوانین چاکە بۆ زیندوو بکەین کە لە پێش چاومانن، چۆن دەتوانین چاکە بۆ مردوو بکەین.

١٩- کە (با) هەڵیکرد دەبێ گیاو گوڵ بچەمێنەوە.

٢٠- دەبێ ئەو کەسانە بکەین بە فەرمانڕەوا، کە بە راستگۆیی و کۆڵنەدان ناسراون، بە چاو پۆشی لە رەچەڵەکیان، بۆ ئەوەی گەل بڕوای بە فەرمان رەواکانی زیاتر بێت، لە بڕوای بە دەوڵەمەندی گەنجینەی میری، چونکە هەر دەوڵەتێک جێی بڕوای گەل نەبێت بێ گومان خۆی ناگرێ.

٢١- حکوومەتی زۆرداری مەترسیی ترە لەسەر گیانی مرۆڤ لە دڕندەی شکێنەر.

٢٢- راستی نییە کە مرۆڤ مەزن دەکات، بەڵام مرۆڤ راستی مەزن دەکات.

٢٣- خەڵکی تێر بکەن، ئینجا داوای پاکژی یان لێ

بکەن.

٢٤- "ژیانم نوێژەکانمە" ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کار کۆڵەکەی ژیانە، ئامانجی تەنها جێبەجێکردنی ژیانێکی پاکژییە.

٢٥- تۆ ناتوانی باڵندەی کلۆڵی قەدەغە بکەیت بەسەر سەرتا نەفڕێ، بەڵام دەتوانی قەدەغەی کەیت هێلانە نەکات لەسەر سەرت.

٢٦- من هیچم نییە ئەگەر وتت ئەمە رامە.

٢٧- ئازادی دەروون دەس پاکی دەگەیەنێ لە بیردا دڵسۆزی لە راستیدا، کە سەرەتای ڕێگان.

٢٨- من دەرگای راستی ناکەمەوە بۆ ئەوانەی کە سوور نین لەسەری، یارمەتی ئەوانەش نادەم کە توانای دەربڕینی ئەوانەی دەروونیان نین..

٢٩- جیهان لە شەڕو ئاژاوە دایە، چونکی ئەو وڵاتەی حوکمی دەکەن حوکمەکەیان بۆگەنە..

٣٠- ئەگەر مرۆڤ بە خۆی نەڵێت: کار چییە؟ هیچ ڕێگایەک نازانم بۆ یارمەتی دانیان..

٣١- حوکمەتی زاڵم بۆ رۆحی مرۆڤ مەترسیدار ترە لە ئاژەڵێکی دڕندەی گۆشت خۆر...

٣٢- ئەوە حەقیقەت نییە مرۆڤ بەنرخ دەکات، بەڵکو ئەوە مرۆڤە حەقیقەت بەنرخ دەکات..

٣٣- کاتێ داوای چاکە لە خەڵک بکەن کە خواردنت پێدا..

٣٤- سەربەستی ویژدان واتە ئەمانەت لە بیرکردنەوەدا و دڵسۆزی لە وتنی حەقدا.

٣٥- من دەرگای حەق لە هیچ کەس ناکەمەوە تا هەوڵ نەدات جەوهەرەکەی بزانێ، ئامادەنیم یارمەتی ئەو کەسانەش بدەم کە توانای دەربڕینی ناخی خۆیان نییە.

٣٦- هەموو جیهان ئێستا لە حاڵەتی جەنگ و نارەحەتیدایە. چونکە ئەو دەوڵەتە کە حوکمی جیهان دەکەن فاسدن لە حوکم کردنیدا.

٣٧- ئەو کەسەی هەمیشە بەخودی خۆی دەڵێت: چی بکەم نازانم چی بکەم؟ ئەوا هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ هیدایەت دانی ئەمانەو ئەوانەشی لەو شێوەیەدا بیردەکەنەوە.

٣٨- ئەو خودا پەرستەی کە هەڵپە دەکات بۆ ناوبانگ و واز لە کۆمەڵ دەهێنێت، هیچ سوودێک ناگەیەنێت بە خەڵک، بەڵام ئەو خودا پەرستانەی کەسانێکی کۆمەڵایەتین ئەوانە خودا پەرستی راستین.

٣٩- خێری راستەقینە لە دڵی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێ و مرۆڤ هەمووان بە خێرخوازی لە دایک دەبن.

٤٠- خووە چاکەکان دراوسێیەتی چاک دەکا، هیچ مرۆڤێکی ژیریش کە لە شوێنێ نیشتەجێ بێ کە ئەو خوانەی تیا نەبێ.

**سەرچاوەکان:**


١- گوڵشەن: عوسمان شاربازێڕی.

٢- الأقوال ا ـأثورة: خالد محمد خالد ـ ٢٠٠٤ مطبعة روون.

٣- وتەکانی ژیان ـ پێنج بەرگ ـ ئامادەکردنی محمد عبدالرحمن زەنگنە.. عبدالله عبدالرحمن زەنگنە.

٤- گوڵاڵەکانی رۆژگار: محەمەد حەسەن مەنگووری.

٥- بناء الصين ـ العدد (٩) سنه ١٩٨٩.

٦- (١٠٠ ناودار): نووسینی: د. مایکل ستیوارت وەرگێڕانی: ئەسعەد قەرەداغی.